ئەڵمانەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش دەبێ لە هەر شار و مەڵبەندێک بە جیاواز خەبات بکەن، نابێ بمێنێتەوە. بە هیچ شێوەیەک ناکرێ نیزامی حکومەتی محەللی بەناو "ئازاد" ڕێگای پێ بدرێ شکڵێک لە مالکییەت درێژە پێ بدا، کە لەچاو مالکییەتی خسووسی مۆدێرن دواکەوتووترە و لە هەموو شوێنێک و بە ناچار دەبێتە مالکییەتی خوسووسی، یانی "مالکییەتی کومایی"[††] . کەتییدا ململانێ یەکی هەمیشەیی لە نێوان دارا و نەداردا هەیە. هەروەها نیزامی بەناو "ئازادی" حکوومەتە محەللییەکان نابێ ڕێگەی پێ بدرێ لە پاڵ قانوونە مەدەنییە دەوڵەتییەکان لە دژی کرێکاران قانوون و یاسای مەدەنی محەللی درێژە پێ بدا. وەک فەرانسەی 1793 ئەوە ئەرکی حیزبی شۆڕشگێری ڕاستەقینەی ئەڵمانە، کە پتەوترین سانترالیزم دامەزرێنێ[‡‡] .

[††] Communal Property

[‡‡] ئەمرۆ دەبێ ئەوەمان لە بەرچاوبێت، کە هەڵەیەک بۆتە مایەی ئەم وتەیە. ئەوکات لەبەرئەوەی بوناپارتیستەکان و لیبراڵەکان مێژوویان بە جۆرێکی تر نیشان دابوو، وا بیر دەکرایەوە، کە شۆڕشی مەزن بۆتە هۆی پێکهاتنی سیستەمی مەرکەزی ئیدارە دەوڵەتییەکان و بە تایبەت کۆنڤانسیۆن وەک چەکێکی سەربەخۆ و کاریگەر بۆ تێکشکاندنی هێزە کۆنەپەرستە پاشایەتیخوازەکان و فیدراڵیستەکان و هەروەها دوژمنانی دەرەوە کەڵکی لێ وەرگرت. بەڵام ئێستا دەزانین کە بە درێژایی شۆڕش هەتا هەژدەهەمی برۆمیر، هەموو دەزگای ئیداری دپارتمانەکان و ناوچەکان گەڕەکەکان لەو کەسانە پێکهاتبوون، کە خودی دانیشتوان هەڵیان بژاردبوون و ئەم کاربەدەستانە لە چوارچێوەی قانونە دەوڵەتییەکاندا کاروباری خۆیان بە ئازادی بەڕێوە دەبرد. ئەم حکومەتە خودموختارە ناوچەیی و محەللییە، هەروەک ئەمریکا، لە ڕاستیدا ببوە بەهێزترین ئامرازی شۆڕش، هەر بۆیە ناپلیۆن دەستبەجێ دوای کودەتای هەژدەهەمی برۆمیر، خۆی بە پەلە دەزگای "حکومەتی ئینتصابی" (Prefectura) لە جیاتی دامەزراند, کە ئێستاش ماوە و ئەو کاتیش ئامرازی دەستی کۆنەپەرستان بوو. بەڵام



دیتمان، کە ڕاپەڕینی داهاتوو چلۆن دیموکراتەکان بە دەسەڵات دەگەیەنێ و چلۆن دیموکراتەکان ناچار دەبن هەندێک هەنگاوی کەم تا زۆر سۆسیالیستی هەلگرن. پرسیارمان لێ دەکرێ، کە کرێکاران لە بەرامبەر ئەم هەنگاوانەدا دەبێ چ بکەن؟ هەڵبەت کرێکاران لە سەرەتاوە ناتوانن ڕاستەوخۆ هەنگاوی کۆمۆنیستی هەڵگرن، بەڵام دەکرێ ئەم کارانە بکەن.

1_ کرێکاران دەبێ دیموکراتەکان ناچار بکەن دەست بۆ هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی نەزمی کۆمەڵایەتی بەرن، هەتا ڕەوتە ئاساییەکەی تێکبدەن و دیموکراتە وردەبۆرژواکان بەم جۆرە ناچار بن پاشەکشە بکەن. جگە لەمە کرێکاران دەتوانن کارێک بکەن، کە بەشێکی هەرچی زیاتری هێزە بەرهەمهێنەرەکان، ئامرازەکانی حەمل ونەقڵ، کارخانەکان، ڕێگای ئاسن و ..... بێنە بەردەستی دەوڵەت.

2_ کرێکاران دەبێ هەوڵ بدەن، ئیقداماتەکان بگاتە ئەوپەڕی مەنتیقی خۆی (دیموکراتەکان لە هەرحاڵدا ڕیفۆرمیستی دەجووڵێنەوە نەک شۆڕشگێرانە)، وە ئەم ئیقداماتە بکەنە هێرشی ڕاستەوخۆ لە دژی مالکییەتی خوسووسی، بۆ نمونە، ئەگەر وردەبۆرژوازی دەیەوێ ڕێگای ئاسن و کارخانەکان لە (خاوەنەکانیان) بکڕێتەوە، کرێکاران دەبێ داوای ئەوە بکەن، کە دەوڵەت ئەمانە موسادەرە بکا بە بێ ئەوەی هیچ پارە و غەرامەتێک بە کۆنەپەرستان بدا. ئەگەر دیموکراتەکان بە تەمان "ماڵیاتی نسبی" دیاری بکەن، کرێکاران دەبێ داوای "ماڵیاتی تەساعودی" بکەن. ئەگەر دیموکراتەکان خۆیان دەیانەوێ ماڵیاتێکی تەساعودی سوکتر دیاری بکەن، ئەمجارە کرێکاران

هەروەک چۆن حکومەتی خودموختاریی محەللی و ناوچەیی، ڕەنگە دژایەتی لەگەڵ سانتریالیزمی سیاسی و میللی نەبێ، هەر ئاواش جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو ناوچەگەرییە، بەرچاوتەسکانەیە، کە لە سویس بە زەقی بەرچاو دەکەوێ و هەموو جمهوریخوازە فیدراڵەکانی ئەڵمان بە تەمابوون ساڵی 1849 حکوومەتی ئەڵمان وا لێ بکەن.

(یاداشتی ئەنگلس بۆچاپی 1885)



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

